# بێدەنگی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و خوشکان وخانمان و کچان و ئەوانی دیکە
# لە ئاست کوشتنی دوعا چ دەگەیەنێت؟!

## بەختیار سەعید

ماوەی چەند ڕۆژێکە تەوای خەڵکی کوردستان و ناوچەکە بەو کارەساتە جەرگبڕو خوێناویە هەراسان بوون، کە کچێکی ئێزیدی بە ناوی ( دوعا) تەنها لە بەر ئەوەی خۆشەویست لە تەك کوڕێکی موسوڵماندا کردبوو، لەلایەن کەس و کاری و بنەماڵەکەیەوە زۆر بە شێوەیەکی بێویژدانی و دژ بەمرۆفایەتی وگشت بەهاکانی ئەرزی و ئاسمانی بەڕۆژی ڕوناك و لە بەرچاوی خەڵکیەوە ئەو پەپولە تەمەن هەژدە بەهاریەیان ، بە درەندەترین شێواز، بەردباران و بلۆك باران و بە دەست و قاچە بۆگەنەکانیان دوعای خێر نەدیویان شەهید کرد بەڵێ ئەو کیژۆڵەیان زیندە بە چاڵ کرد!!

تا ئێرە گێڕانەوەیەکی کورتی چیرۆکی زاڵمانەی خوێنڕێژانی دوعا ناسك و بەستەزمان و بێتاوان بوو!!

ئەرە خێرە کۆمەڵێك ڕێکخراو جوراو جۆری خانمان و ئافرەتان و ژنان و کچان لەم کوردستان بوونیان هەیە!!کەچی وەك ئەوی نە بایان دیبێ و نەبۆران لە ئاست ئەم تاوانە هیچ هەڵوێستێکیان نەنواندوەو بە هیچ شێوازێك دەنگۆکەیەکیان نابیسین ئەی کوان ئێوە بە ناو ڕێکخراو کە یەکەمین ئەرکتان دەبێت بەرگریکردن بێت لە ئەندامەکانتان و هاو ڕەگەزەکانتان !! چەندە ئەو ڕووداوە سەرسامی کردین دوو ئەوەندە بێ هەڵوێستی ئێوە سەرسامی کردین ؟! کوا نارەزایی کوا بەیانامەی ئیدانە کوا ڕێپێوان کوا مانگرتن کوا هاتنە سەرشەقام کوا بەند و بنەماکانی ئازادی کوا پاراستنی مافی مرۆف کوا بەرگریکردن لە ئەندامەکانی خۆتان ئەی کوانی ئەو هەموو کۆنفراس و کۆڕو کونگرانەی کە ماوە ماوە بۆ خۆتانتان ساز کردووە نازانم چۆن لە ڕوتان دێت ئیتر باسی هاو ڕەگەزی خۆتان (مێ) بکەن؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

هەموو هەست نەستی سۆزی ئێوە ناگاتە زەرەیەك لە سۆزو میهرەبانی باجی شەمسەی دراوسێمان ! یا ناگاتە سۆزو جەرگی ئەو مێرد منداڵە تەمەن 10 ساڵەیەی کە تەنها بە بینی وێنەی دیمەنی جۆنێتی کوشتنی دوعا دوو ڕۆژ نەیتوانی نان بخوات! ئێستا زۆر بەی خەڵکی لە نێو مۆبایلەکانیان دیمەنە پڕتراژدیاکەی دوعایان تۆمارکردووە! مەخابن !!! ئێستا لە جیاتی ئێوەی بێ هەڵوێست گەنج لاوەکان بە نیازن ڕێپێوان ساز بکەن و تەواوی دروشمەکان دوعای خێر دەبێت بۆ دوعای جوانەمەرگ !!

باوەڕی تەواوم هەس ئێستا بەس میزانیەکانتان کەم بکەنەوە یا خود بیبڕن دەیان جار ماندەگرن هاوار دەکەن ئێمەش نیوەی کۆمەڵین !! بۆ غەدرمان لێدەکەن !! بەلاّم کوشتنی گوڵاڵەیەکی سوور هەڵگەڕاو بە دەستی شەمشەمەکوێرەکانی ئەشکەوتی جەهالەت بە غەدرو تاوان نازانن ! کاتی ئەوەش هاتووە ، هەمووان دوعایی خێر
بۆ دوعایی جوانەمەرگ بکەین